# پــــاریزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (3123)] **ساڵی** 2018

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: – (گواستنەوەو داگرتنی ئارد بۆ محوەری (٢) دەرەوەی شاری سلێمانی ) کە ئەم کۆدانە دەگرێتەوە :-

( ٢٧١-٢٧٢-٢٧٣-٢٧٤-٢٧٥-٢٧٦-٢٧٧-٢٧٨-٢٧٩-٢٨٠-٢٨١-٢٨٢-٢٨٣-٢٨٤-٢٨٥-٢٨٦-٢٨٧-٢٨٨-٢٨٩-٢٩٠-٢٩٢ ).

**پــــاریزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پــــاریزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گریَ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر ( ٣٠٠,٠٠٠ ) سیَ سەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بلاْوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

1 - وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ( ٢٠١٨/٧/٢٥ ) دەست پیَ دەکات تا رۆژی ( ٢٠١٨/٨/١٢ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی نیوەرۆ .

٢- رۆژانی گەراندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ( ٢٠١٨/٨/١٥ ) کاتژمێر ( ١٠:٠٠ ) ی پێش نیوەرۆ دەبێت .

٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی ( ٢٠١٨/٨/١٥ ) دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ٣٦٥ ) سیَ سەدوو شەست و پێنج رۆژ ( رۆژی رۆژمێری ) .

٥- ئەگەر رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەراندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەراندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەراندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ) بێت.

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە و پاڵپشت بەمادەی ( ٣٧ ) برگەی ( ٢ ) لە رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ ).

١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو روونکردنەوەیەك لەسەر دەرختەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەرێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە /سلێمانی بکات.

### (( مەرجەکانی بەشداری کردن ))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆیانەی بەشداری دەکەن پێویستە بروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار یان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت و مۆڵەتی گواستەوەیان هەبێت لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆمارین و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بروانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی٢٠١٨.

٥- پشتگیری بەرێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی ٢٠١٨.

٦- پێویستە کۆمپانیا پێکهاتەی کارگێری دروستکردنی کۆمپانیا پێشکەش بکات .

٧- بری بارمتەی یاسایی بە بری ( ٤٤,٠٠٠,٠٠٠ ) چل و چوار ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی ( ١١٨ ) رۆژ پێشکەش دەکرێت ، بەناوی پارێزگای سلێمانیەوە کرابێت و ناوی پرۆژەکەی لەسەر نوسرابێت.

٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٩- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٠- **مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .**

١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( 90 ) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەراندنەوەی تەندەر.

١٢- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی ( تحفظ ) کاری لەسەرناکرێت و رەت دەکرێتەوە.

١٣- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

**تێبینی :- هیچ بودجەیەکی زیادە نییە بۆ پرۆژەکە لە سەروو ئەو نرخەی کە لەتەندەردا دیاری کراوە .**

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**

**جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ**

**کاروباری هونەری**

٢٠١٨/٧/٢٤

وێنەیەك بۆ

- بەرێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەرێوەبەرایەتی دروستکراوی دانەوێڵە /سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب.گریَ بەستەکان/کاروباری یاسا/بۆ کاری پێویست .
- ب.گریَ بەستەکان/ بەشی IT /بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان .
- سایتی پارێزگا /بۆ کاری پێویست و بلاْوکردنەوەی.
- ب . ژمێریاری/وەزارەتی دارایی و ئابوری بۆ ساڵی ٢٠١٨
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبەتمەند بەکاری بلاْوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ( ٠٥٣٢١٩٣٩٧٣ ) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەریان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئە. ئامادەکردنی تەندەر | لە. چێکی تەندەر | رەزامەندی ل.کاروباری تەندەر بۆ بانگەواز | رەزامەندی ب.گرێبەستەکان بۆ بانگەواز |